# ئەستێرە

*Astera Magazine*

گۆڤارێکی هەمەڕەنگی کۆمەڵایەتی و هونەرییە



کامیرۆن دیاز:
پیاوو سێکس باشترین شتن لەژیان

یەکەم
شەو
دەرخستنی
پیاوەتی

چیرۆکی ژنێك
هاوسەرەکەی
هەموو ژیانی لێ
تاڵ کردووە

چیرۆکی
ئەو مارەی
پیاوێکی قوتدا

خۆشەویستی یا چێژ؟

سازان، لەنێو ئازادیو
بڵێسەی ئاگردا

ئەو پیاوەی 24ساڵ
دەستدرێژی سێکسی
کردە سەر کچەکەی

خیانەتی هاوڕێیەتی لای کچانیش هەیە

دوای چوار جار دەستگیرانێتیو
پەشیمانبوونەوە لێم

کەژاڵ ئادەمی:
خۆشەویستی حەزێنەی هەموو جوانیەکانی دنیایە



کەژاڵ ئادەمی :

# خۆشەویستی خەزێنەی هەموو جوانیەکانی دنیایە

دیداری: خەندە کەمال - نەجات روستی

(کەژاڵ ئادەم)ی لە دایک بووی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ٢٥ ساڵ لە مەوپێش لە ئامێزی دایکو باوکێکی شۆڕشگێڕدا چاوم بە ڕووی دنیا هەڵێنا. دایکو باوکم لە بەرئەوەی نەیان دەتوانی زوڵم و زۆرو ژێر دەست بوونی نەتەوەی کورد لە ئێراندا قەبوڵ بکەن تێکەڵی شۆڕش بوون و چوونە ناو ژیانی پێشمەرگایەتی لە چیاکاندا. ئیشی سیاسی دایکو باوکم بووە هۆی هەڵبژاردنی ژیانی تاراڤگە. ساڵی ١٩٩٨ ڕەوانەی هەندەران بووم و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووم. لە بواری خوێندندا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کۆمەڵناسیم خوێندوەو ئێستاش هەر لە زانکۆدا سەرقاڵم بە خوێندنی "مێژوی مۆسیقا، پەیوەندی مۆسیقا لەگەڵ سیاسەت و کاریگەری ئەم دوانە لە سەریەک".

**- بۆ ئەو دەنگە خۆشەت درەنگ بەر گوێمان کەوت؟**

+ ئامانجی من هەردەم ئەوە بووە پێش لە دەرکەوتنم، بوخچەی زانیاریم لە بواری مۆسیقادا پڕ بێتو بەدەستێکی پڕەوە بێمە مەیدان. دەمویست لە گۆرانی تێبگەم و لە تیۆری مۆسیقا شارەزابم. هەربەو هۆیەوە بە شێکی زۆری کاتم تەرخان بەو ئامانجە کرد. دیارە من تازە دەرکەوتوم بەڵام لە واقیعیەتدا من لە تەمەنی ١٦ ساڵانەوە سەر قاڵی مۆسیقاو گۆرانیم.

**- ئەی لە کەیەوە خولیای هونەری مۆزیک و گۆرانی بویت؟**

+یەکەم هەنگاوی من بۆ ناو دنیای هونەر لە تەمەنی ٨ ساڵاندا بوو. لەو تەمەنەدا دەستم بەخۆێندنەوەی دیوانی شێعری مامۆستا قانع کرد. لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنو نوسینی کوردیان لە مەکتەب لێ قەدەغە کردبووین، من خوێندنو نوسینی زبانی دایکی خۆم لە شێعرەکانی ئەو مامۆستا نەمرە وەفێربووم. حەزو خۆشەویستیەک کە بۆ شیعر لە ناخمدا بوو منی بەرەو نوسینی شیعر هاندەدا. هەر لەو تەمەنی منداڵیەمەوە هەستی خۆم بە نوسینی شێعر بەیان دەکردو لە تەنیایی و خەڵوەتی خۆمدا شیعرەکانم دەکردە گۆرانیو لەسەر شریت تۆمارم دەکرد. هەنگاوی دواییم بۆ دنیای پاکی هونەر بە ژەندنی ئامێری کەمان (ڤیۆلۆن) بوو. لە تەمەنی ١٦ساڵاندا دەستم بە ژەندنی کەمان کرد لە مەکتەبی مۆسیقای سەبا، لە خزمەت مامۆستا عەلی شەکوری. هاوکات تیشکم خستە سەر فێربوونی تیۆری مۆسیقا. کاتێ مامۆستا بۆ یەکەم جار گوێی لە گۆرانی وتنم بو پێشنیاری پێدام شێعرەکانی خۆم بەشێوەی گۆرانی بە گوێی جەماوەر بگەیێنم. ئاوا بوو کە هەنگاوم نایە نێو دنیای گۆرانبێژیەوە.

**-چۆن شیعری گۆرانی هەڵدەبژێریت؟**

+ لە زۆربە ی گۆرانیەکانمدا هۆنراوەی خۆم بەکاردەهێنم. لە ڕاستیدا من گۆرانی دەڵێم تا بەم شێوەیە شێعرەکانم بە شێوازێکی نەرم و نیان لەباوشی گۆرانیدا بخوێنمەوە. مەرجە سەرە کیەکانم بۆ هەڵبژاردنی شیعری گۆرانی ئەوەیە کە هۆنراوە تا ئەو جێگەیە دەکرێ نوێنەری واقیعیەتەکانی کۆمەڵگاکەم بێت. ئەو هۆنراوانەی کە هەردەم سەرنجی من ڕادەکێشن ئەوانەن کە ڕەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵگاکەمان دەگرن یا خود تیشک دەخەنە سەر



هەلومەرجێکی تایبەتی سەردەمی ئێمە. ئامانجی من هەر ئەوە نیە گۆرانی بڵێم و بەس، بەڵکو ئەمەوێ لە گۆرانیەکانمدا شتێکم پێبێ بۆ وتن. ئەمەوێت گۆرانیەکانم سەرنجی گوێگر ڕابکێشێ و بیخاتە ناو فکر.

**- گۆرانیەکانت شێوازی گۆرانی فارسی پێوە دیارە، مۆزیک ژەنەکانت فارسن یان ئاواز دانەرەکان؟**

+ هەرگیز هەوڵم نەداوە

شێوازی فارسی ڕەنگدانەوەی ببێت لە بەرهەمەکانمدا بەڵام ئەوەی کە دەڵێن ئەم شێوازە بەگۆرانیەکانمەوە دیارە بێ گومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستای من، مامۆستا عەلی شەکوری، کە ئەرکی ئاواز دانان و دابەشکردنی مۆسیقای بەرهەمەکانی منی بەئەستۆیە، بۆخۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەو ئەمەش بە ئەرخەیانیەوە ڕەنگدانەوەی بووە لە بەرهە مەکانی مندا.

**- ستایلی گۆرانیەکانت خێرای پێوە دیارە بۆ؟**

+ هەندێ گۆرانی خاویشم هەیە. بەگشتی تێدەکۆشم لە هەموو ریتمودەزگا جیاوازەکانی مۆسیقا لە بەرهەمەکانمدا بەکاربێنم. هەم خاو هەم خێرا.

**- هەوڵت نەداوە بێیتەوە کوردستان کۆنسێرت بکەین؟**

+ بە داخەوە تائێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە بێمەوە کوردستان. بەڵام یەکێ لە گەورەترین خەون و ئاواتەکانم ئەوەیە کە ڕۆژێ بتوانم بێمەوە باوشی وڵاتەکەم و بەرهەم و هۆنراوەکانم لەوێ پێشکەشی خەڵکەکەم بکەم. هەر کات ئەم مەجالەم بۆ بخولقێ دڵنیام ئەو ڕۆژە شیرینترین ڕۆژی ژیانی هونەری من دەبێ.

**- پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان چۆنە؟**

+ بە خۆشیەوە لەگەڵ هەندێک لە هونەرمەندان، چ لە ناوخۆی کوردستان چ لە دەرەوە پەیوەندیم هەیە. تامەزرۆی دیداری زۆرلەو هونەرمەندە ئازیزانەم وا لە ناو کوردستاندا دەژین. هیوادارم ڕۆژێک لە کوردس-تان دیدەم بە دیداریان شاد بێت.

**- بۆچی گۆرانیەکانت لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان نابینرێن، هەوڵت نەداوە گۆرانیەکانت کلیپ بکەیت؟**

+ دوا بەرهەمەکانی من بەناوی ×شە هید× و ×نامە× ماوەییە لەمەوپێش بەیارمەتی ئازیزان میران عەلی و شوان چاوڕەش کلیپ کراون پێشکەشی تەلەفزیۆنە کوردیەکان کرا. چەند جارێکیش بڵاوکراوەتەوە بەڵام ئەوەی کە بۆکەم بڵاوبووەتەوە پرسیارێکە کە پێم وایە باشترە کاربەدەستانی تەلەفزیۆنەکان وەڵامدەربن.

**- کەژاڵ چون ژیانی رۆژانە بەسەردەبات؟**

+ زۆربەی کاتەکانم تەرخانی نوسینی شیعرو بەرهەمەهونەریەکانم دەکەم. جگە لە ئیشی هونەری، هەروا کە پێشتر ئاماژەم پێدا، لە زانکۆی ستۆکهۆڵم سەرقاڵی خوێندنم لە بواری مێژوی مۆسیقا، پەیوەندی مۆسیقاو سیاسەت و کاریگەری ئەم دوانە لە سەریەک.

**- خۆشترین ساتەکانی کەژاڵ کەی بووە؟**

+خۆشترین ساتەکانم کاتێکە شیعرێکی تازە دەنوسم یا گۆرانیەکی تازە دەڵێم. لەو کاتانەدا هەستێکی سەیرم هەیە. لەدایکێک دەچم کە تازە منداڵەکەی بە دونیا هێناوەو سەری منداڵەکەیان ناوەتە سەرسنگی. ئەو ساتانەم پڕ لە خۆشی و ئۆقرەیە.

**- بەرهەمی داهاتووت هەیە؟**

+ بەڵێ، ئێستا لەگەڵ هونەرمەند نەجمەدین غولامی سەرقاڵی تۆمارکردنی بەرهەمێکی نوێین. لەم بەرهەمەدا لەگەڵ هونەرمەند غولامی هاوکاری و هاودەنگیمان هەیە.

**- ئاستی گۆرانی بێژە کچە کوردەکان چۆن دەبینیت؟**

+ بەخۆشیەوە لەم ساڵانەی دوای دا خانمانی گۆرانیبێژ لە باشوورو باکوری کوردستان زۆر بوون. بەڵام گەر بڕوانینە ڕۆژهەڵات دەبینین کەبە هۆی هەلومەرجێک کە ئاوقای ئەو بەشە لە کوردستانە بەداخەوە خانمانێکی کەم توانیویانە لە بواری گۆرانیدا چالاکیان ببێت.

ڕێزوخۆشەویستیم دەنێرم بۆ هەموو ئەو خانمە گۆرانیبێژانەی وا بوێرانە هاتونەتە مەیدانی هونەر. تێبینیێک کە لە سەر گۆرانی ژنان لەم سەردەمەدا هەمە ئەوەیە کە بەداخەوە جیاوازیەکی ڕوون لە بەینی گۆرانی ژن و پیاودا نابیندرێ. بەڕای من زۆر گرنگە ژن لە ڕوانگەی خۆیەوە گۆرانی بڵێت و هۆنراوەیەک لە بەرهەمەکانیدا بەکاربێنێ کە تێیدا ڕوانگەو هەستی ژنێک ڕەنگدانەوەی ببێت. ئاواتم ئەوەیە هەروا کە ئەمڕۆ باس لە ئەدەبیاتی ژن دەکرێ، ڕۆژێکیش بێت کە باس لە مۆسیقای ژن بکرێ.

**- خۆشەویستی لای تۆ ئەبیتە هەوێنی سەرکەوتنی گۆرانیبێژ؟**

+خۆشەویستی خەزێنەی هەموو جوانیەکانی دنیایەو خۆلقێنەری هەموو مەخلوقە هونەریەکانی سەر زەوی. هەموو لەش و ڕۆحی من ئاوێتەی بڕوا بە خۆشەویستیەو هەر ئەم باوەڕەشە خۆلقێنەرە هەموو شیعرو گۆرانیەکانی منە. گەر دڵی هونەرمەند ئاوێتەی خۆشەویستی بێت و لە هەمان کاتیشدا زانیار بێت لە بواری ئیشەکەیدا، بە دڵنیایەوە ئەو هونەرمەندە سەرکەوتوو دەبێت.

**- خۆزگە کانی کەژاڵ چین؟**

+ ئاواتەکانم زۆرن. چواریتان بۆ باس دەکەم: ڕۆژێ بگەڕێمەوە کوردستان و هۆنراوەو بەرهەمەکانم لەوێ پێشکەشی جەماوەر بکەم. ڕۆژێک بتوانم لەگەڵ گەورەترین ئۆرکێسترەکانی دنیا ئەدەب و هونەری نەتەوەکەم بە هەموو خەڵکی دنیا بناسێنم. کوردستانێکی ئازادو یەک پارچەو نەمانی فەقرو شەڕ لە دنیا.

**- کەژاڵ زیاتر گوێ لە چ گورانیبێژێکی کورد دەگریت؟ کاریگەری کێی لە سەرە؟**

+ زۆرن ئەو دەنگانەی هەستم دەبزوێنن، بەڵام ئەگەر بمەوی ناوی کەسێکی تایبەت بێنم دەبێ بڵێم دەنگی زوڵاڵی مامۆستا سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هەردەم جێگای تایبەتی لە دڵمدا هەبووە. لە وڵامی پرسیارەکەتان کە کاریگەری کێ لەسەر دەنگم بووە بەدڵنیایەوە دەڵێم کە من هەرگیز هەوڵم نەداوە دەنگم بخەمە ژێر کاریگەری دەنگی کەسی دیکە یاخود لاسایی کەس بکەمەوە. بەبڕوای من هەر گۆرانیبێژێک دەنگێکی تایبەت بەخۆی هەیەو دەبێ هێزو توانای خۆی تەرخانی پەروەردەکردنی دەنگی خۆی بکات نەک لاسایی کردنەوەی دەنگی کە سی تر.

**- کەژاڵ تا ئیستا چەند ئاهەنگی تایبەتی گێراوە.**

+ تا ئێستا لەچەند کۆنسێرتێکدا کە لە لایەن ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە بووە بە شداریم کردووە. چەند کۆنسێرتێکی تایبەتی خۆشم گێڕاوە بە داواکاری زانکۆی ستۆکهۆڵم و چەند ڕێکخراوەی کولتوری وڵاتی سوید.

**- لە هیچ بەرهەمێکی خۆت پەشیمانی ئەوانەی بڵاوکردونەتەوە؟**

+ لە ڕاستیدا من لە هیچ بەرهەمێکی خۆم پەشیمان نیم. بۆ خولقاندنی هەموو بەرهەمەکانم زەحمەتم کێشاوەو لە پێناویاندا ماندوو بووم. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، هەموویان وەک منداڵی خۆم دەبینم و خۆشمدەوێن.

**- دوا وتت چیە بۆ خەلکی کوردستان بەتایبەت شاری سلێمانی؟**

+ دنیای عەشق و خۆشەویستیم بۆ سەرجەم خوێنەرانی ئازیزو بۆ خەڵکە خوێن گەرم و شیرینەکەی شاری سلێمانی. ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێک بێمەوە باوشی گەرمتان و لە نزیکەوە هۆنراوەو بەرهەمەکانم ئاراستەتان بکەم. وتەیەکی تایبەتی دیکەم نیە. هەموو وتەکانم لە هۆنراوەو گۆرانیەکانم دا دەدرکێنم. گەر ئازیزێک بیەوێ زانیاری زۆرتری لە سەر شیعرو بەرهەمەکانی من ببێت دەتوانێ سەردانی مەڵپەڕی www .kazhaladami .com بکات. سوپاسی بێ پایانم ئاراستەی جە نابت و گۆڤاری ئەستێرە دەکەم ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم تا لە پەنجەرەی گۆڤارەکەی ئێوەوە بتوانم وتەکانم پێشکەشی خوێنەرانی هێژا بکەم. جوانترین وشەکانم لەگەڵ دنیایێ خۆشەویستی پێشکەشتان.

